# ئایا دوا دیمەنی هەژموونی ئەمریکا
# لە خۆرهەلاتی ناڤیندا دەبینین؟

**ن: جۆناتان مارکۆس**
**و:محەمەدی مشیر**

لە نێو ئاپۆڕەی ئەو هەواڵە نیگەران کارانەی لە عێراقەوە دێن, هاوکات لەگەڵ ئەو ئاژاوەیەی باڵی بەسەر (غەزەو لوبنان)دا کێشاوەو لە پاڵ ئەو دڵەڕاوکێیەی ئیسرائیلی گرتۆتەوە, راستییەك بە روونی بەدیار دەکەوێت کە بریتییە لە: سەرهەڵدانی ئێران وەك یاریزانێکی سەرەکی و بەهێز لە ناوچەکەدا.

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ بلاوکردنەوەی دیموکراسی لەناوچەکەدا کۆمەڵێك بەرەنجامی نەخوازراوو کاریگەریان هێنایە ئاراوە, گرنگترین ئەو بەرەنجامانە پتربوونی قەڵەمڕۆی ئێرانە, چونکە لادانی سەدام حوسێن لە عێراق و بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستاندا,و دوو دوژمنی ستراتیژی و سەرەکی ئێرانی نەهێشت, بەلام دوای ئەمە تاماوەیەك ئێران ترسی ئەوەی هەبوو ئەمریکا هێرش بکاتە سەر خاکەکەی و, ئەمەش ئەو ماوەیە بوو کە ئێران تێیدا مەیلی وتوێژی هەبوو لەگەڵ ئەمریکادا, بەلام زۆری ئەو کێشانەی بەرەو رووی ئەمریکا دەهاتنەوە لە عێراقدابە ئێرانیان نیشاندا کە هەژموونی ئەمریکا رەنگە سوودی بۆ تاران هەبێ.

بەرەیەکی سوننی:

داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە کۆمەڵێك کێشەی وروژاند کە رێخۆشکەربوون تا ئێران بەسەربەستی دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێ, هەر لە عێراقەوە بگرە تا لوبنان و دواتریش فەڵەستین.

کەچی حکومەتە سوننیەکانی عەرەب (وەکو میسرو عەرەبستانی سعودیا و ئوردن) کەوتنە پەلەقاژەو بە چاوی خۆیان بینیان وا خەریکە بالادەستی شیعەکان دێتەدی.

دینیس رۆس, نێردراوی ئەمریکا بۆ خۆرهەلاتی ناڤین لە سەردەمی (بیل کلینتۆن)دا, دەڵێ: (ئەوەی روویداوەو ئەمڕۆکە دەیبینین گرنگییەکی ستراتیژی مەزنی هەیە) رۆس لەو باوەڕەدایە کە ئەو پەلە قاژەیە ئەوکاتە سەریهەڵدا کە سعودییەکان رەخنەیان لە حزبوڵلای لوبنان گرت لەو کاتەیدا کە ئیسرائیل دوایین هێرشەکانی خۆی لە هاوینی رابردوودا بۆ سەر لوبنان بە ئەنجام دەگەیاند, لەمبارەیەشەوە دەڵێ: "گەلێ لە ولاتانی عەرەب بەوچاوە سەیری ئێرانیان دەکرد کە خەریکە هەژموونی خۆی بەسەر کێشەی فەڵەستیندا بسەپێنێ لە رێگای بەکارهێنانی حزبوڵلاو بزووتنەوەی حەماس وەکو دارو دەست, ئەمەش وای لە سعودیا و ولاتانی دیکەی سوننە عەرەبەکان کرد کە ئەم کارە بە هەڕەشە لەسەر خۆیان لە قەڵەم بدەن" ئیدی ئەگەر ئێرانییەکان بتوانن کۆنترۆڵی ئەو سومبولانە بکەن کە کاریگەرییان زیاترە لە ناوچەکەدا, ئەوا لە توانایاندا دەبێت لە دژی هەمان ئەو رژێمانە بەکاریان بهێننەوە" لە پاڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو دڵەڕاوکێیە فراوانە رەچاو بکرێت سەبارەت بە دۆسیێی ئەتۆمی ئێران.

ئەوا روونتر دەبێتەوە کە چۆن ولاتە سوننەکانی عەرەب بەرژەوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا یەکدەگرێتەوە.

سعودییەکان ناچارکران دەستپێشکەرییە ئاشتیخوازەکەیان بژێنینەوە (کە یەکەمین جار لە لوتکەی بیروت لەساڵی 2002دا دەمامکیان لە روو لادا).. هەروەها هاوکات لەگەڵ میسرو ئوردن داوایان کرد کە ئەمریکا رۆڵێکی فراوانتر ببینێ لە زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا, بەلام ئەمریکییەکان هیچ لارییەکیان نییە لە هەوڵێکی ئاوادا ئەگەر ئەمە بەهای دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەکی نوێ بێت بە تاران, بەلام ئەگەر ململانێی خوێناوی نێوان پەلەکانی فەڵەستینی رەچاو بگرین, وێڕای ئەو سەختیە سیاسیانەی بەرەو رووی (ئیهۆد ئۆلمەرت)ی سەرۆکی ئیسرائیل دەبنەوە, ئایا هیچ ئومێدێك لە ئارادا دەمێنێت پێشڤەچوونێك بێتەدی لە رێڕەوی ئاشتی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیلدا؟

دینیس رۆس سەبارەت بەمە دەڵێت: (گەلێ ئاستەمە پێشڤەچوونێکی ستراتیژی لەم بارودۆخەی ئێستادا بێتەدیو دەپرسێ: ئایا سەرکردەی لاواز دەتوانن کێشەی چارەنووسساز چارەسەر بکەن؟ پێدەچێ ئەمریکییەکان پێویستیان بە هەوڵو کۆششی مەزن بێت لەم بوارەوە ئەگەر بیانەوێ بەرەنجامی بەردەست بهێننەدی"..

گۆڕان:

ریتشارد هاس، سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە واشنتۆنو بەڕێوەبەری کۆمەڵێك پایەی بەرز لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، لەو باوەڕەدایە کە ئەمریکییەکان بەرەو رووی کێشەیەکی لەمە قووڵتر دەبنەوە، چونکە داگیرکردنی عێراق بووە هۆی کۆتایی هێنان بە سەردەمی هەژموونی دیپلۆماتیانەی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاس لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەمریکا، بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو، بایەخێکی مێژوویی هەبووە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو ئەو هەژموونەی لەدوای ئازادی (کوێت)دا بە دەستی هێنا" بەڵام "هاس" لەو باوەڕەدایە کە ئەم سەردەمە بەسەرچوو، بۆیە دەڵێ: "ئێمە ئێستا دۆخێکی سەرایا جیاواز دەبینین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەژموونی ئەمریکا کۆتایی هاتووە، چونکە تا ئێستا هیچ هێزێکی دیکە نەهاتۆتە ئارا جێگەی هەژموونی لەناوچووی ئەمریکا بگرێتەوەو، ئێمە تەماشای خۆرهەڵاتی ناڤینێکی ئاڵۆزتر دەکەین کە بە ئاژاوەو نائارامی دەناسرێتەوە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێك توانای ئەمریکای تێدا کەمبۆتەوە کە کاریگەری هەبێ لەسەر رەوتی رووداوەکاندا"

---

سەرچاوە:

بی بی سی